# جۆن ستیوارت میل

ن: رامین جەهانبەگلوو
و: عەتا جەماڵی



جۆن ستیوارت میل نووسەرێکی چەند روخسارەیە. ئەو ئابوویزان، لۆژیکناس و فەیلەسووفی سیاسی و رۆژنامەنووسێکی تەڕدەستە. ئەگەرچی کتێبەکانی ئەو لە بوارەکانی ئابووری و لۆژیکدا بۆ ئەمڕۆ هێندە نوێ و کارامە نین، بەڵام بەرهەمەکانی ئەو لە بوارەکانی تردا بەتایبەت لە سیاسەت و ئەخلاقدا زۆر گرینگ و شایانی سەرنجن.

هاوچەرخەکانی بە "قیدیسی ئەقڵگەرایی" ناویان هێناوە و ئەمڕۆکە ئێمە وەک لیبراڵێکی راستگۆ و گەرموگوڕ نەک قیدیس و یان روخسارەیەکی رادیکاڵی سیاسی، لەو تێدەگەین. ئەو لەم باوەڕەدایە کە هەموومەعریفەکانی جیهان لەڕێگەی ئەزموونە هەستەکییەکانەوە بەدەست دێن. دژی ئەو فەیلەسووفانەیە کە ئیدعا دەکەن هەندێ بەشی ناسکردنی حەقیقەتی ئەنجامگیرانە و لێکدراو (drowing and conclosion)و دەروونی یان شهوودین. بەگوتەی ئەمڕۆژینکان میل کەسێکی ئەزموونگەرایە، ئەو خۆی ئەو نازناوەی قبووڵ نەدەکرد بەڵام لەچوارچێوەی لۆژیکیی خۆیدا سوودی لێوەردەگرت. جێگەی میل لە مێژووی فەلسەفەی ئینگلستاندا لە چەقی هێڵێکی درێژ لە نەریتی ئەزموونگەراکان، لە بیکەن و لۆک هەتا بێرتراند راسێڵ و ئەی.جی. ئایێردایە. بوونی میل، لەبەر ئەو رۆڵەی لە پەرەپێدانی میتۆدۆلۆژیک و تیۆریکی مەعریفەدا هەیبووە، ئەم نەریتە ئەموونییەی بەهێز و دەوڵەمەند کردووە. ناکرێ تیۆری سیاسیی میل لە بوارە فکرییەکانی تری جیا بکرێتەوە. ئەو سیاسەت بە لقێکی توێژینەوەیی جیا لە لۆژیک و مێژوو و ئەخلاق نازانێ. ئامانجی ئەو ئەوەیە کە لە توێژینەوەی سیاسەت و کۆمەڵگەدا ئەو ئەزموونانەی لە توێژینەوەی بوارە پەیوەندیدارەکاندا بەدەستهاتووە، بهێنێتە کایەوە.

سەرەتا باس لە سیستەمی لۆژیکیی میل دەکەین. لە دەورووبەری ساڵی ١٨٣٧ میل بە کتێبی دەروازەیەک بەرەو فەلسەفەی پۆزێتیڤیستی لە نووسینی ئۆگست کۆنت ئاشنا دەبێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەندێشەکانی کۆنتەوە. ئەو دوابەدوا دەست دەکات بە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ کۆنت. کاریگەریی ئاڵوگۆڕی ئەندێشەکانی نێوان کۆنت و میل بەئاشکرایی لە کتێبی (لۆژیک)ی میلدا دیارە. ناوبانگی کتێبی لۆژیکی میل زیاتر لەبەر شرۆڤە و لێکدانەوەکانی ئەوە لەسەر بەڵگاندنە ئیستقراییەکانە(inductive). میل پێنج میتۆدی بەرجەستە لە سەلماندندا دیاری دەکات (رێککەوتن، ناکۆکی، لێکدانی رێککەوتن و ناکۆکی، پاشماوەتی و میتۆدی هاوڕێیی فرەچەشن). بەم شێوەیە بەبۆچوونی میل تەواوەتی پرۆسەی سەلماندن (ئیستقرا) وابەستەیە بە ئاستی متمانەی یاسای هۆکارێتییەوە. لەو باوەڕەدایە کە گشتی بوونی یاسای هۆکارێتی جۆرێکە لە سەلمان کە لە ئەزموونەکانی ئێمەدا دەردەکەوێت. بەم پێیە بەبۆچوونی ئەو تەنیا بیچمێکی سەلماندن کە شایانی دان پێدانانە، هەمان ئەزموونە. ئەزموون لە زاتی خۆیدا هەڵگری فاکتەرەکانی ئەو ئەندیشەیەیە کە مەرجە بۆ لۆژیک. لەم رووەوە زەین تەواو وابەستەیە بە هەستەوەرەکانەوە. لۆژیک بەواتای زانستی کارکردی زەین، دەبێ سەروکاری لەگەڵ دیاردەکانی گونجاو لەگەڵ هەستەوەرەکان بێت. بەم پێیە دان بەهیچ مەعریفەیەکدا نانرێت مەگەر ئەوەی لەڕێگەی هەستەکانەوە بەدەست هاتبێت. میل لەو باوەڕەدایە کە بەکاربردنی میتۆدی سەلماندن لە کاروبار سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هۆی بە ئەنجام گەیشتنی دەسکەوتی توێژینەوە زانستییەکانە. میل بێگومان لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا بۆ گەیشتن بە کۆمەڵناسییەکی زانستی، لەژێرکاریگەریی ئۆگست کۆنتدایە، بەڵام هاوکات کەناڵی سوودگەراکانیشی گرتوتەبەر.

لەساڵانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا گرووپێکی بەرجەستەی بیرمەندە ئینگلیزییەکانکۆمەڵێک پرەنسیپی لۆژیکیان لە کاروبارە کۆمەڵایەتییەکاندا گەڵاڵە کرد. جێرێمی بێنتامی ریفۆرمخواز بەو ئەنجامگیریانەی لە باسەکەی دێڤید هیومدا سەبارەت بە بەرژەوەندییە سروشتییەکان لە رەوتی سوودگەراییدا بەدەستی هێناوە پێوەرێکی تۆکمەی روونی لە سەنگ و سووکی ئەخلاقی رەوتی سوودگەراییدا دا بەدەستەوە. تیۆری ئەخلاقیی بێنتام لەسەر ئەم گریمانەیە وەستابوو کە بەدواهات و ئەنجامەکانی کردارە مرۆییەکان پێوەری سەنگ و سووک

کردنی شایستەییەکانی ئەوە و جۆری ئەو بەدواهاتانەی کە پەیوەندیدارن بە بەختەوەریی مرۆییەوە لەڕاستیدا دەرهاویشتەی هۆگری چێژ و دووری لە چەرمەسەرییە. بێەتام گوتوویەتی ئەوەی ددەمێنێتەوە لەبەر سنوور و رادەی ئەم چێژەیە، چونکە بەختەوەریی کۆمەڵگەیەک بەگشتی شتێک نییە جگە لە کۆ و کەڵەکە کردنی بەرژەوەندییەکانی تاکی مرۆیی. بەم شێوەیە، پڕەنسیپی "سوود" مانای دەروەستیی ئەخلاقی بە سەرنجدان بە زیاترین بەختەوەری بۆ زیاترین ژمارەی مرۆڤەکان کە لە پڕۆسەیەکی زانستیدا ئامادەن، روون دەکاتەوە. سوودگەرایی، نەوەیک پاش بێنتام کاریگەریی خۆی لە کەسایەتیی جۆن ستیوارت میلدا دەبینێتەوە. بۆچوونە سوودگەرایانەکانی میل لەڕاستیدا روونکردنەوەیەکی شیکراوەیە سەبارەت بە تیۆرییە ئەخلاقییەکانی سوودگەراییە. میل بە تەواوی هاودەنگە لەگەڵ پڕەنسیپەکانی بل بە تەواوی هاودەنگە لەگەڵ پڕەنسیپەکانی بێنتام سەبارەت بە زیارین بەختەوەریی بۆ زیاترین مرۆڤەکان وەک بۆچوونێکی بنەمایی لە بەهای سوودگەراییدا، بەڵام ئەوە قەبووڵ ناکات کە گشت جیاوازییەکانی نێوان چێژەکان هەڵگری پێوانە کردن و ژماردن بن. بەبۆچوونی میل هەندێ لە جۆرەکانی چێژ کە شێوەی ئەزموونی مرۆڤیان بەخۆوە گرتووەلەڕووی چۆنیەتییەوە جیاوازییان لەگەڵ یەکیدا هەیە و تەنیا کەسانێک کە هەردووک جۆری چێژیان تاقیکردۆتەوە دەتوانن بڕیار لەسەر چۆنیەتیی رێژەیی ئەوان بدەن، ئەمەش بەهای ئەخلاقیی چێژە مەزنترەکانی ناو بوونەوەرەکان ئاشکراتر دەکات.

چشتێک خەڵک بۆ دروستکاری هاندەدات؟ میل دەڵێ رێککەوتنی گشتی سەبارەت بە رۆڵی بەها ئەخلاقییەکان یارمەتیی بەرەو پێش بردنی دروستی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەدات، بەڵام میل بەپێچەوانەی بێنتام خۆی بە بەها کۆمەڵایەتییە داسەپاوەکان لە دەرەوە لە بواری شەرم و تۆڵەدا کە دەرەنجامی کردارە نادروستەکان بەژانتر دەکەن، بەرتەسک ناکاتەوە. لە روانگەی میلەوە مرۆڤ بە بەهاگەلێکی دەرەکیی تری وەک ویژدان و هەستکردن بە تاوان رادەچڵەکێ، چونکە ئێمە هەستێکی کۆمەڵایەتیمان سەبارەت بە دیتران هەیە، ئارەزووە ناخۆپەرستانەکان بۆ بەختەوەریی هەموان زۆرجار بۆ ئێمە شێووەی نموونەیەکی ئەخلاقی بەخۆوە دەگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەویتر بەهۆی کارە نادروستەکانمەوە سەرزەنشت یان سزای من نەدات، من خۆم سەرکۆنە دەکەم و ئەم هەستە ناخۆشە پاشهاتێکی بەژانی بۆ من هەیە.

هەروەها بەڕای میل باشترین بەڵگە بۆ خوازراویی بەختەوەری ئەوەیە خەڵک بەڕادتی مەیلیان بۆی هەیە و چونکە هەموو تاکێکی مرۆیی حەزی لە بەختەوەریی خۆیەتی. ئەمجام ئەوەیە کە ئێمە هەموان پێمان خۆشە هەمووکەس بەختەوەر بێت. میل سەرەنجام دەڵێ کارکردە کۆمەڵایەتییەکانی سوودگەرایی لەگەڵ تەوەری نەریتیی باڵاکردنی دادگەری یەک دەگرنەوە. دادگەری بریتییە لە رێزدانان بۆ خاوەندارێتی و لەبەرچاوگرتنی مافی تاکە شارۆمەندەکان لە کەڵک وەرگرتن لە پڕەنسیپی سوودگەراییدا، گشت ئەم رەگەزانەی دادگەری لەئاستی پێویستدا دەپارێزرێن و لەبەرچاو دەگیرێن.میل هەروەها پێداگری دەکاتەوە کە کەڵکوەرگرتنی سنووردار و گونجاو لە یاسا یاساغە دەرەکییەکان لە بواری سوودگەراییدا سازگاری و هاوئاهەنگییەکی باشتری لەگەڵ رێزی رەسمی بۆ ئاسوودەیی گشتی هەیە. بەبۆچوونی ئەو بەرگری لە ئازادیی مرۆیی بەتایبەت بۆ ژیانی دادگەرانە زۆر پێویست و حەیاتییە.

ئازادی، تەوەری سەرەکیی شاکارەکەی میل واتە کتێبی (وتارێک لەمەڕ ئازادی)یە کە لە ساڵی ١٨٥٩ بە چاپی گەیاندووە. ئەم وتارە نەک تەنیا بەرگری لە چەمکی ئازادیی نەریتیی لۆک دەکات بەڵکوو دەقێکە کە تیایدا ئەندێشەی ئازادی بە باشی پەرەی ستاندووە. لەلای لۆک و لیبراڵەکانی هاوئاراستەی ئەو مەبەست لە لیبراڵیزم بەرگەی کردن لە سەربەخۆیی تاکە لە بەرانبەر دەستتێوەردانی حاکمە ئایینی و نائایینییەکاندا. بەڕای ئەوان ئازادیی سیاسی لەڕاستیدا هەمان ئازادیی تاکێتیی ئازادە، بەڵام لەلای مل وانییە. رەسەنایەتیی کتێبی "وتارێک لەمەڕ ئازادی" لەم راستییەدا حەشارە کە چەمکی ئازادیی کۆمەڵایەتیش زیاد دەکاتە سەر بەستێنی ئازادیی سیاسی.

میل بە هەمان شێوەی پێشینەکانی خۆی باوەڕی قورسی بە ئازادی لە بەندی دەوڵەت هەیە، بەڵام لە هەر شوێنێک کە لەم باوەڕەی دەدوێت پێ لەسەر ئەم خاڵە دادەگرێ کە ئازادی هەر بەو رادەیە بایەخدارە کە جەبر و زەرووڕەتە کۆمەڵایەتییەکان. میل، "وتارێک لەمەڕ ئازادی"ی لە کات و شوێنێکدا بەچاپ گەیاند کە سنوورە داسەپاوەکان لەلایەن دەوڵەتەوە کە-بەڵام سنوورە داسەپاوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە زۆر بوون. لەم رووەوە میل لە یاسا تۆمارنەکراوەکان و گوشارەکانی رای گشتیدا تووخمێک لە سنووربەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەبینێت کە بەڕادەی خودی دەوڵەت بەهێزن. بەبۆچوونی ئەو کۆمەڵگەیەکی شارستانیی رەسەن دەبێ هەمیشە ئازادییە شارستانییەکان لە بۆ شارۆمەندەکانی خۆی دەستەبەر بکات و ئەم ئازادییانە لە بەرانبەر دەستتێوەردانەکانی هەر دەوڵەتێکدا بپارێزێت. ئەم بابەتە تەنانەت لە کاتێکیشدا کە حکوومەت خۆی لەسەر بنەمای بەشداریکردنی خەڵک دامەزرابێت هەر دیسان راستە. بەبۆچوونی میلستەم و ئیستبدادی زۆرینە، بەتایبەت بۆ ئازادییە تاکییەکان جێگەی مەترسییە. میل ئاماژە بەوە دەکات باوترین شێوەی چارەسەر ئەوەیە داوا لە کەمینە بکرێ زۆرینە رازی بکەن روانگەکانی خۆیان بگۆڕن یان فێر بن سازگاری و هاوئاهەنگی بکەن لەگەڵ نۆرمە جێکەوتووە کۆمەڵایەتییەکاندا.

میل باڵانسی نێوان ئازادیی تاکی و دەسەڵاتی حکوومەتی بەشێوەیەکی تر گەڵاڵە دەکات. بەپێی بۆچونی ئەو دەسەڵات تەنیا لەبەر یەک ئامانج دەبێ بەشێوەیەکی دروست و دادگەرانە بەسەر کۆمەڵگەدا جێبەجێ کرێت و ئەو ئامانجەش پشتگیری لە خەسارگەیاندن بە دیترانە. هەرچەندە دەسەڵات بەرپرسایەتییەکی روون و دیاریکراوی لە ئەستۆیە لە پاراستنی شارۆمەندان لە بەرانبەر شکاندنی سنوورەکانی یەکتردا، بەڵام کارێکی تری نییە بەسەر کارەکانی تریانەوە کە ئەنجامی دەدەن. میل، تا ئەو جێیەی پەیوەندی بە پرسی ئازادییەوە هەیە پاژ بە پاژ هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە ئازادییەوە هەیە و هاوپەیوەندن بە چەمکی نەریتی ژیانەوە و هەروەها ئازادییەکانی پەیوەندیدار بە پرسی بەختەوەرییەوە، دێنێتە بەر باس.

بەم شێوەیە ئازادیی ئەندێشە و باوەڕ و رادەربڕین (چ گشتی و چ تایبەتی) و ئازادی کردەوەی تاکی بەشێوەیەک گەڵاڵە کروە کەخسارێک لەسەر ئازادیی ئەوانی تر و زیانێک تووشی ئازادیی شارۆمەندان نەکات. حەقیقەت لەڕێگەی ئازادی رادەربڕینەوە بەردەوام دەبێت و لە بێنەوبەرەی بیروڕا دژبەرەکاندا، تۆکمەتر و بەهێزتر دەبێتەوە. میل بە داڕشتنی بنەمای تیۆرییە بونیادییەکەی خۆی هەوڵی وەسف و دانپێدانانی هەرکام لە چەمکەکانی ئازادی داوە کە ناوی دەبردن.

١. میل ئاگادارمان دەکاتەوە کە حەقیقەت تا ئەو جێیەی بگونجێ پێویستی بە پشتیوانی هەیە. بەبۆچوونی ئەو حەقیقەت هیچکات رەها نییە. حەقیقەت ئەو لێکدانەیە کە لە کێشمەکێشمی دژبەرەکانەوە بەدەست دێت.
٢. ئازادیی کردەوە بەڕادەی ئازادیی ئەندێشە بەربڵاو و پەرەدار نییە، چونکە کردەوەی ئەوانی تریش دەگرێتەوە.
٣. میل لە ئەنجامدا ئاماژە بە دوو نموونە دەکات کە بەڕای ئەو دەتوانن بونیادی تیۆریی سەرلەبەری "وتارێک لەمەڕ ئازادی" بن.

أ. تاک تەنیا بەهۆی زیندووبوونیەوە بەهایەکی بۆ کۆمەڵگە نییە.
ب. بەڵام تاک دەتوانێ کاری وا بکات بۆ بەرژەوەندیی دیتران زیانبار یان بەنرج بێت و لەبەر ئەوەی دەتوانێ سەرچاوەی ئەم جۆرە کردەوانە بێت بایەخی پێدەدرێت.

پێویستە ئەوەمان لەبیر بێت میل تەنیا بایەخ بە ئازادیی تاک نادات، بەڵکوو بایەخ بەو سنوورە بنچینەیی و پێویستانەش دەدات کە دەبێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگە بخرێنە سەر ئازادیی تاک، بەڵام میل لەنێوان بەهای باوەڕە دژبەرەکان و مەترسیی کاریگەری کەسانێک کە بەهۆی بەتاڵی لە ئامرازی فکرییەوە بەرپرسیارێتیی سیاسییان نییە، جیاوازی دادەنێت. ئەو لەم بوارەدا سێ گریمانە دەخاتە بەردەست:

١. دەتوانرێ خەڵکی ئاسایی رابهێنرێن بۆ وەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتیی سیاسی.
٢. کەسانێک کە بە پەیڕەوی و گوێڕایەڵی کردن بۆ حکوومەت رازین، ژمارەیەکی بەرچاو و چارەنووسساز پێکدەهێنن.
٣. تەنیا ئەو ژمارە کەمەی بڕوایان بە حکوومەت نییە، ناڕازین لەو دەسەڵاتەی کە خەڵک لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە بەخشیویانە بە حکوومەتەکان.

ئەگەر دان بە هەبوونی هەرچەشنە جیاوازییەکی رستەقینە لەنێوان "حکوومەت لەبۆ خەڵک" و "حکوومەت لەلایەن خەڵکەوە"دا بنێین ئەم تێبینییەی میل بەو مانایەیە کە خەڵک توانای پاراستنی کۆمافی خۆیانیان نییە. ئەم پرسە سەرنجمان بۆلای باسەکانی میل لە کتێبی " چەند تێبینییەک لەسەر حکوومەتی نوێنەرایەتی" رادەکێشێت کە لەڕاستیدا کۆبەندی ئەو بۆچوونانەیە کە میل لە بەرهەمەکانی خۆیدا گەڵاڵەی کردوون. میل لە نووسینی ئەم کتێبەدا سەرنجی خۆی زیاتر دەخاتە سەر کەڵکەڵەکانی پڕەنسیپە بنچینەییەکانی حکوومەت تا پەرەپێدان بەو پڕەنسیپانە. بەم شێوەیە بەهای گشتیی ئەو کتێبە تەنیا لە پەیوەندی ئەو لەگەڵ سوودگەرایی و ئازادیدایە. چونکە تەنیا کاتێک دەتوانرێ تێبینیی گونجاو بۆ بیچمێکی شەفاف لە حکوومەت و گونجاو لەگەڵ نیازەکانی خەڵکدا لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم بابەتانە و گرینگایەتییەکانیان لە زەینی خەڵکدا روون کرابێتەوە. میل لە رافەکانی خۆی سەبارەت بە کارکردە گونجاوەکانی حکوومەتدا، جەخت لەسەر چییەتیی دینامیکی چاودێرییە حکوومەتییەکان دەکاتەوە. لەڕوانگەی ئەودا هەرچەندە رادەی هۆشیاری و هاندەرێتی و لایەنگرێتیی خەڵک زیاتر بێت، حکوومەت پێویستییکی کەمتری هەیە بە گەرەنتی کردنی پێشکەوتن.

دووهەم پێوەر بۆ حکوومەتێکی باش دەگەڕێتەوە بۆ سیاستەمی پراکتیکیی ئەو حکوومەتە و بەرزبوونەوەی چۆنیەتیی ئەو. ئەو بیچمە لە حکوومەت کە لەگەڵ ئەم پێوەرە گونجێت حکوومەتێکە کە لەوێدا شارۆمەند هەم خاوەنی دەنگ و مافە و هەم خاوەنی ئەرک و بەرپرسیارێتی. بەبۆچوونی میل، سێ مەرج هەیە کە بەپێی ئەوان حکوومەتی نوێنەرایەتی ئەگەری پراکتیزەبوونی هیە.

١. خەڵک خوازیاری بن وپێی رازی بن.
٢. خەڵک بتوانن بیپارێزن.
٣. خەڵکی بەتوانا بۆ پاراستنی[حکوومەتەکە] ئەرکەکانی سەرشانیان ئەنجام بدەن.

لەم رووەوە مەبەستی میل لە حکوومەتی نوێنەرایەتی چەشنێک لە حکوومەتە کە لەوێدا هەموو یان لانیکەم بەشێک لە خەڵک بتوانن لەڕێگەی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانی خۆیانەوە چاودێریی حکوومەت بکەن. بەڕێوبەرایەتی راستەقینە و پراکتیکی دەکەوێتە دەست شارەزایان بەڵام چاودێریی کۆتاییدەبێ لەلایەن نوێنەرانی تەواوی خەڵکەوە ئەنجام بدرێت. ئەوان بەڵێنیی ئەوەیان داوە کە تەواوەتی خەڵک ئاگادار بکەنەوە و ئەو بەرپرسانەی توانایی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی بواری بەرپرسیارێتییەکەی خۆیانیان نییە لەکار لادەدرێن یان داوای روونکردنەوەیان لێدەکرێت. لەحکوومەتی نوێنەرایەتیشدا هەروەک هەموو مۆدێلەکانی تری حکوومەت مەترسیگەلێک لە ئارادا هەیە کە بریتین لە:

١. ئەو مەترسییانەی لە کەمتەخەمی و بێتوانایی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن.
٢. ئەو مەترسییانەی لە وابەستەی نوێنەرەکان بە بەرژەوەندیگەلێکەوە کە سازگار نین لەگەڵ ئاسوودەیی گشتیی کۆمەڵگەدا، سەرچاوە دەگرن.

سازوکاری بەرگریی خەڵک لەسەر بنەمای رەزامەدنی و خواستی ئەوانە لە ئاگادار کردن و چاودێریدا و ئەگەر ئەوان تێگەیشتنێکی راستەقینەیان لە دیموکراسی هەبێت دەتوانن ئەم ئامانجانە بپێکن و رێگە لە گومڕاییەکان و خراپ تێگەیشتنەکان بگرن.

بەبۆچوونی میل ئەگەری دوو جۆرە تێگەیشتن لە ناوی دیموکراسی هەیە.

ئەندێشەی نابی دیموکراسی لەمەدا کورت دەبێتەوە کە حکوومەت هی هەموو خەڵک بێت و بەدەست هەموو خەڵکەوە بێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان دەستیان تیایدا هەبێت. ئەندێشەی دیموکراسی لە مانا گشتییەکەیدا بریتییە لە حکوومەتی هەموو خەڵک لەلایەن زۆرینەی خەڵکێکەوە کە مافی یەکسانیان تیایدا هەیە.

چوارچێوەی تیۆریکی دیموکراسی لەڕوانگەی میلدا، لەڕاستیدا دەرهاویشتەی مۆدێلی پێشنیاریی ئەو بۆ پڕەنسیپی "بەختەوەری حکوومەتی" یە:

١. ئاستی ئەو سەرنجەی بۆبەهرەمەندی لە چۆنییەتییە گونجاوەکان لە ئاراستەی پارێزگاری لە حکوومەت دەدرێتە حکوومەت.
٢. رادەی ئەو مەیلەی بەرەو زیادکردنی ئاستی چۆنیەتییە گونجاوەکان بۆ راهێنانی شارۆمەندان و نوێنەرەکانیان نیشان دەدرێت.

میل، بۆ پراتیککردنی ئەم پێوەرە گرینگی بەم دوو پڕەنسیپەی ژێرەوە دەدات:

١. پڕەنسیپی بەشداریکردن کە پێویستی بە هاوکاریکردنی هەرچی زیاتری شارۆمەندان هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئامانجەکانی راهێنان لەسەر پاراستنی حکوومەت.
٢. پڕەنسیپی رکابەرایەتی کە بایەخ دەدات بە لێوەشاوەیی و نفووزی شارۆمەندە شارەزاتر و کارامەترەکان و لەم باوەڕەدایە کە هەرچەندە رادەی پسپۆڕی زیاتر بێت دەتوانرێ ئامانجەکانی راهێنەری-پارێزگەرانە بەرزتر بکرێنەوە.

بەم شێوەیە، پرسی میل ئەمەیە کە چلۆن ئەم دوو پڕەنسیپە پێکەوە سازگار بکات و بیانخاتە پاڵ یەک. دەشێ لە دوو رێگەوە ئەم دوو پڕەنسیپە لە ژیانی سیاسی پڕاکتیکیدا لێکبدرێت بەکار بهێنرێت:

١. باڵانسی نێوان بەهاکانی رکابەرێتی و بەشداریکردن کە دەتوانرێ لەهەرکات و ساتێکدا لەڕێگەی دامەزراوە سیاسییەکانەوە ئەنجام بگرێت.
٢. دەتوانرێ لەڕێگەی وردەوردە باشترکردنی رکەبەرێتی شارۆمەندان و راکێشانی ئەوان بەرەو بەشداریکردن، ململانێی نێوان بەهاکانی رکەبەرێتی و بەشداریکردن دابمرکێنرێت.

Rojhalat